# کێشەکانی ژیانی هاوسەرێتی ژنانی فەرمانبەر

**کانیاو ئیبراهیم کەریم**

کۆلێژی پەروەردەی زانستە مرۆڤایاتیەکان- سەید سادق، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە -** گرنگی دانی زانایانی کۆمەڵناسی بە بابەتی خێزان و ڕۆڵی ژنان لەناو خێزاندا ڕەگ و ڕیشەییەکی مێژوویی هەیە، بۆیە توێژەر بە گرنگی زانیوە توێژینەوە لەسەر دیاردەیەك بکات کە لە ئێستادا زۆربەی کۆمەڵگاکانی جیهانی گرتۆتەوە، کە ئەویش کارکردنی ژنانە، کەلەدەرئەنجامی ئەو پێشکەوتنە تەکنەلۆجیە و گۆڕانکارییە پیشەسازیانەوە بەسەر کۆمەڵگاکانەوە هاتووەو پێویستی زۆری ژیان وایکردووە ژنانیش شانبەشانی پیاوان کاربکەن. بەڵام ئەم کارکردنەی ژنان ڕەنگدانەوەی لەسەر ژیانی هاوسەری دەبێت، چونکە تا ئێستاش ژن (دایك) بەیەکەم پایەی خێزان دادەنرێت. ئامانج لە توێژینەوەکە بریتیە( لە دەرخستنی کێشەکانی ژیانی هاوسەری ژنانی فەرمانبەر). بۆ گەیشتن بەم ئامانجە توێژەر میتۆدی ڕوپێوی کۆمەڵایەتی بەکارهێناوە، بۆکۆکردنەوەی زانیاریش هەستاوە بە دروستکردنی فۆرمێکی ڕاپرسی کە سنووری توێژینەوەکەی دامەزراوەکانی پەرورەردە و تەندروستییە لە شاری سلێمانی.توێژینەوەکەش گەیشتووە بەوەی پاڵنەرەکانی کارکردنی نمونەی توێژینەوەکە دەگەڕێتەوە بۆ دەسکەوتی ماددی، پابەندبونی پیاوان بەبەها تەقلیدیەکانەوەو نەبونی ئامادەیی و گیانی هاوکاری بۆ یارمەتی ژنەکانیان لە جێبەجێکردنی ڕێکخستنی ناماڵدا هۆکارە بۆ دروستبونی کێشەی ژیانی هاوسەری.ژنی فەرمانبەر تاڕادەیەکی باش توانیویەتی هاوسەنگی ڕابگرێت لە نێوان کاری پیشەیی و ژیانی هاوسەریدا هەربۆیە ئەو ململانێ و کێشانەی ڕووبەڕویان دەبێتەوە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەختی نالەباری کۆمەڵگە نەوەك بۆ کەم توانایی ولێهاتویی ژن خۆی. لێتوێژراوان بەهۆی ئەوەی فەرمانبەرن تووشی کێشەی پەروەردەو پیگەیاندنی مناڵەکانیان بوون دوای ئەوەش کێشەی نێوان هاوسەران لەکۆتایی توێژینەوەکە توێژەر کۆمەڵێك ڕاسپاردەو پێشنیاری خستۆتەڕوو.

## پێشەکی

بێگومان لەگەڵ دەستپێکی هاتنە کایەی مرۆڤدا، ژن وەك بونەوەرێکی تەواوکەر لەگەڵ پیاودا ڕۆڵی کارای لە پێکهێنانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا هەبووە و لە ڕێکخستنی خێزان و دروستکردنی کەسانی مەزنیش حاشا لە تواناکانی ناکرێت. هاوسەری یان هاوسەرگیری پێشکەوتووترین میکانیزمی کۆنترۆڵکردنە، عەقڵی مرۆڤ بۆ بە مرۆیی کردنی غەریزەیی سێکسی داهێناوە، بەرێکنەخستن و لە قاڵبنەدانی ژیانی مرۆڤ وەکو ژیانی ئاژەڵی لێدەهات، دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و لەهەموو کۆمەڵگا سەرەتای و پێشکەوتووەکاندا بەدیدەکرێت، لەڕووی ناوەڕۆکەوە تاڕادەیەك لە هەموو کۆمەڵگاکان وەك یەکە، بەڵام لەڕوی ڕواڵەت و شێوازی ئەنجامدانی بۆنە و دابونەریتەوە لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر جیاوازە.هەر بۆیە پرۆسەی هاوسەرگیری وەک هەر پرۆسەیەکی تر کێشە و ئاستەنگی خۆی هەیە بەتایبەت بۆ ژنان کە فەرمانبەرن و بەرپرسیاریەتێدکی زیاتریان لەسەرە بەبەراوورد بە ژنانی ماڵەوە.لەم توێژینەوەیەدا تیشک خراوەتە سەر گرنگترین ئەو کێشانەی ڕووبەرووی ژنانی فەرمانبەر دەبنەوە بە پشتبەستن بە هەردوو لایەنی تیۆری و مەیدانی.

## بەشی یەکەم: لایەنی تیۆری

### *باسی یەکەم؛ چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە*

#### یەکەم: کێشەی توێژینەوەکە

لەم توێژینەوەیەدا کێشەکە خۆی لە ویستی دەرخستنی کێشەکانی ژیانی هاوسەری ژنانی فەرمانبەردا دەبینێتەوە. ئایا کێشە خێزانیەکان لە ژیانی هاوسەریدا پەیوەندی هەیە بەبوونی ژنان بە فەرمانبەر؟ ئایا کێشەکانی ژیانی هاوسەری ژنانی فەرمانبەر چییە و هۆکارەکانی کامانەن؟ بوون بەفەرمانبەری ژنان چ کاریگەرییەکیان لەسەر پەیوەندیە خێزانیەکان دروستکردووە لە ژیانی هاوسەریدا؟

#### دووەم: گرنگی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە گرنگیەکی هەنووکەیی هەیە و دەکرێت چەندین خاڵی گرنگ بۆ ئەم توێژینەوەیە دیاری بکەین: • پێشتر چەند توێژینەوەیەکی زۆرکەم لەبارەی ئەم بابەتەوە کراوە، بەڵام هیچ کام لەم توێژینەوانە لەسەر گرنگترین ئەو کێشانە نەدواوە کە ژنی فەرمانبەر پێوەی دەناڵێنێت، هەربۆیە ئەم توێژینەوەیە دەیەوێت ئەو کێشانە بەشێوەیەکی ووردو زانستی بابەتیانە دیاری بکات.

• ئەو کێشانەی کە ئەم توێژینەوەیە لەبارەوە ئەنجام دەدرێت، کێشە گەلێکی هەنوکەیی سەردەمیانەیە و پەیوەستە بەژیانی هاوسەری یەکەیەکەی ژنی فەرمانبەرەوە.

• گرنگییەکی دیکەی ئەم توێژینەوەیە لەبوارە مەیدانیەکەیدا کە زانستیانە و بەپێی میتۆدە کۆمەڵناسیەکان دەچێتە ناو واقعی ژیانی هاوسەری ژنی فەرمانبەر و کاریگەرییەکانی لە ژیانی ڕۆژانەدا نیشاندەدات.

مجلة جامعة التنمية البشرية

المجلد 8، العدد 4(2022) ؛ عدد الصفحات (10)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v8n4y2022.pp103-112

ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 23 حزيران 2022؛ قُبل في 26 تموز 2022؛ نُشرت في 23 تشرين ألأول 2022؛

البريد الإلكتروني للمؤلف :kanyaw.kareem@gmail.com

حقوق الطبع والنشر ©2022 کانیاو ئیبراهیم کەریم. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

- گرنگیەکی دیکەی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە سودبەخش دەبێت بۆ سەرجەم ڕێکخراو و گروپەکانی ژنان، بۆئەوەی بەرچاوڕون بن سەبارەت بەو واقعەی ژنی فەرمانبەر تیادا دەگوزەرێت.

## سێیەم: ئامانجی توێژینەوەکە

له بەئەنجامگەیاندی ئەم توێژینەوەیەدا چەند خاڵیکی سەرەکی هەیە، وەك ئامانجی توێژینەوەکە، کە خۆی لە هەریەکە لەم خاڵانە دەبینێتەوە:

- هەوڵدان بۆ لێکۆڵینەوە و زانینی ئەو کێشانەی کە ڕووبەڕوی "ژنانی فەرمانبەر " دەبێتەوە لە ژیانی هاوسەریاندا.
- هۆکارەکانی کێشەکانی ژیانی هاوسەری "ژنانی فەرمانبەر" چین ؟

## *باسی دووەم: پێناسەی چەمك و زاراوەکان*

1- **کێشە:** بارودۆخێکە ڕوبەڕوی تاکەکان دەبێتەوە کە بێ توانا دەبن لەڕوبەڕوبونەوەی بەشێوەیەك چالاکانە، بەوەش هەندێ لە کارە کۆمەڵایەتیەکانکەم دەکاتەوە(غباری،بەبێ بەروار،ص٥٩) . لەلایەکی ترەوە کێشە هەڵویستەیەکە یان دۆخێکە بەرەو ڕووی تاکەکان، گروپ یان کۆمەڵگایەك دەبێتەوە لە بوارێکدا کە مامەڵەکردن لەگەڵیدا ئەستەم دەبێت، هەموو تواناو لێهاتووی و سەرچاوەی هێزی بۆ بەرەنگاربونەوەی بەکاردەهێنرێت (صقور،٢٠٠٩،ص٢١٤). پێناسەی ئیجرائی بۆ چەمکی کێشە: هەموو ئەو گیروگرفت و بەربەستانە دەگرێتەوە کە دوچاری تاك و کۆمەڵ دەبێتەوە لە بابەتێك یان بارودۆخێکی تایبەتی و گشتیدا، ئەمەش کار لەدواخستن و پەکخستنی ڕەوتی کۆمەڵایەتی و گەشەکردن دەکات.

2- **هاوسەرێتی:** هاوسەرێتی بریتیە لە سیستمێکی کۆمەڵایەتی سنوردارو بناغەی پێکهێنانی خێزانە، و پەیوەندی و کارلێکی داینامیکی بەردەوامە لەگەڵ هێزە شارستانی و کۆمەڵایەتیەکانی تردا، ( القصير و احمد: 2002، لا- 109) لەلایەکی ترەوە هاوسەرێتی بریتیە لە پەیوەندیەکی ئاڵۆز کە ژن و پیاو بەیەکەوە دەبەستێتەوە بۆ بەخشینی جنس و پێگەی کۆمەڵایەتی و گیانی ئاڵوگۆڕکاری لە نێوانیاندا کە وایان لێدەکات پابەندبن بە کۆمەڵێك داب ونەریتی خێزانی لە نێوان خۆیانداو بەرامبەر بە منداڵەکانیان و یەکە خزمایەتیەکانیان کە ئینتمای بۆ دەکەن ( النوري: 1982، ص١٦) .

پێناسەی ئیجرائی بۆ چەمکی ژیانی هاوسەرێتی: هاوسەرێتی پەیوەندیەکی پیرۆزی نێوان ژن و پیاوە بەمەبەستی پێکەوەنانی خێزانێکی جێگیر و خستنەوەی نەوە بۆ بەردەوام بوون و مانەوەی ڕەگەزی مرۆیی، خودی ئەو ژیانەش پێویستە لەسەر بنەمای سۆز و لێبوردەیی بێت و بوونی باوەڕی تەواو لە نێوان هەردوو هاوسەردا هەبێت.

**3. ژنی فەرمانبەر:** بریتیە لەو ژنانەی کارێك بەئەنجام بگەیەنێت لەدەرەوەی چوارچێوەی خێزان، ئەویش بەمەبەستی بەدەستهێنانی پێگەیەکی کۆمەڵایەتی و دەستکەوتی ئابووری. (عبدالفتاح: 1972، صـ 106).

پێناسەی ئیجرائی بۆ ژنی فەرمانبەر بریتیە لەو ژنەی کە کارێکی تری هەیە لەدەرەوەی ماڵەکەی خۆیدا ئیتر ئەو کارە لە فەرمانگەکاندا بێت یان لە دامەزراوە ڕەسمی و ناڕەسمیەکاندا کە بەرامبەر بە کارەکەی پاداشتی ئابووری وەردەگرێت.

## *باسی سێیەم: خستنەڕووی کێشە خێزانیەکان*

یەکەم: کێشەی نێوان هەردوو هاوسەر لەگەڵ ئەندامانی تری خێزان

زۆرجاردەستێوەردانی کەسوکاری یەکێك لە هاوسەرەکان دەبێتە هۆی دروستبوونی کێشەخێزانیەکان،خۆهەڵقورتاندنی ئەندامانی تری خێزان لە ژیانی هاوسەری هاوسەرەکاندا یەکێکە لە فاکتەرە گرنگەکان بۆ ڕوخانی گیانی خێزانی و لێکترازانی، ئەم حاڵەتەش زیاتر لە کۆمەڵگە تەقلیدیەکاندا باوە، ئەو کۆمەڵگایانەی کە ڕازی نابن بە بیرۆکەی تایبەتمەندی تاکایەتی، هەر بۆیە بەتەمەنەکانی ئەم کۆمەڵگایانە بەردەوام خۆیان دەخەنە ژیانی تایبەتی هاوسەرەکان و بە مافی خۆیانی دەزانن کە ئامۆژگاری و ڕێنماییان بکەن تا دەگاتە ئەوەی چۆن منداڵەکانیان پەروەردە بکەن و شێوازی ژیانیان ڕێکبخەن، هەرئەمەشە دەبێتە هۆی کێشە وناکۆکی نێوان هاوسەرەکان لەگەڵ ئەندامانی تری خێزان (القصيروعمر: 1981،ص٢٨٥)

دووەم: کێشەی تایبەتی نێوان هەردوو هاوسەرەکە

ئەوکێشانەی لەنێوان هەردوو هاوسەردا هەیە ئەشێ خۆی لەچەند کێشەیەکدا ببینێتەوە کە بێگومان گەورەترن لەوکێشانەی کە لەگەڵ ئەندامانی تری خێزاندا هەیانە، ئەم کێشانە کە لێرەدا لەچەند خاڵێکدا باسی لێوە دەکرێت، لەدیارترینی ئەو کێشانەش بریتین لە:

1-نەبونی شێوازی گفتوگۆو پەیوەندی کردن: زۆر جار ناتەواوی لە شێوازی دەربڕین و گفتوگۆکردن بەشێوەیەکی گونجاو لە نێوان ژن و مێرد بۆ گەیاندنی داواکارییەکان، یاخود لێك تێنەگەیشتن و نەبونی هەماهەنگی لە بیرو باوەڕ و بۆچونەکانیاندا هۆکارە بۆ کەوتنەوەی کێشەی خێزانی، کە سەرەنجام بەرەو لێکترازان و جیابونەوەی هاوسەرەکان دەڕوات(الخولي:١٩٨٨ ، صـ116).زۆر لە زانایانی بواری خێزان لاوازبونی پەیوەندی لە نێوان هەردوو هاوسەرهۆکارەکەی دەگەڕێننەوە بۆ:

- نەبونی توانای پێویست بۆ پڕکردنەوەی لایەنی سۆزداری گرنگی پێدانی یەکتر.
- نەبونی تێگەیشتن و ڕێکەوتن لە نێوان هەردوو هاوسەر.
- سەرنەکەوتنی ژن و مێرد لە خستنەڕوی کێشەکان بە شێوەی ڕون و ئاشکرا .(الخطيب: 2007، صـ19).

2- پشت گوێ خستنی یەکتر: یەکێك لەو ڕێگایانەی کە زۆرجار پیاو دەیگرێتەبەر بۆ ئازاردانی ژنەکەی پشت گوێخستن و گرنگی پێنەدانە، هەروەها ساردو سڕی و بێڕێزی نواندنە بەرامبەری، زانای نەمساوی (ئەلفرێد فرۆید) دەڵێ "هیچ شتێك هەست و توڕەیی ژن زیادناکات جگە لە بێباکی و سارد وسڕی پیاو لەگەڵیدا و مامەڵەکردنی وەك خزمەتکار"، بەهەمان شێوە کاتێ ژنەکە گرنگی بە پیاوەکەی نادات و هەڵدەستێ بە جێگە جیاکردنەوە یاخود کەمتەرخەمی لەکاروبارەکانی ناوماڵ، ئەمەش زیادبونی ڕق و کینەیە لە نێوانیاندا (الخولي:١٩٨٨،صـ117). ساردبونەوە و لاوازبون لەلایەنی سۆزدارییەوە هۆکارێکە بۆ دەرکەوتنی ململانێ و کێشەی خێزانی، کاتێك گۆڕان لەلایەنی سۆزداری یەکێك لە هاوسەرەکان ڕوودەدات بەهەر هۆکارێك بێت، ئیتر هێدی هێدی ژیانی هاوسەریان بەرەو ژیانێك دەچێت کە بەتاڵ بێت لە سۆزو خۆشەویستی .( الخشاب: 2003، صـ171)

3-کێشەی ئابوری: یەکێك لە کێشە هەرە گرنگەکان کە زۆربەی خێزانەکان پێوەی دەناڵێنن، کێشەی ئابوریە، کێشەی ئابووری هەر بەمانای هەژاری و داهاتی کەم نایەت بەڵکو هەندێك جار ناکۆکی نێوان هەردوو هاوسەر دەگەڕێتەوە بۆ دەست بڵاوی و بەفیڕۆدانی پارە لەلایەن یەکێکیانەوە، یا خود نەبونی پلانی باش بۆهاوسەنگ ڕاگرتنی داهاتی خێزان(الخطيب: 2007، صـ٢٠٢).

4- تێرنەکردنی لایەنی سێکسی: لە ئەرکە گرنگەکانی خێزان تێرکردنی غەریزەی سێکسییە لە نێوان هەردوو هاوسەردا، غەریزەی سێکسی غەریزەیەکی سروشتییە لە هەموو بوونەوەرێکی زیندودا، ئامانج لەمەش مانەوەی ژیانی مرۆڤایەتیە، هەریەك لە

کۆمەڵگاگان بە شێوەی جیاواز هەڵدەستن بە تێرکردنی ئەم غەریزەسێکسیە بەپێی کلتورو نەریتی باوی خۆیان، هەندێ کۆمەڵگا ڕێگە دەدات بە بوونی پەیوەندی سێکسی لەدەرەوەی چواچێوەی ژیانی هاوسەریدا لە کاتێکدا لە هەندێ کۆمەڵگای تردا ئەم جۆرە لەپەیوەندی بە ناشەرعی دادەنرێت، هەرچەندە پەیوەندی سێکسیی لەدەرەوەی چوارچێوەی خێزان بەرەهایی لەهیچ کۆمەڵگایەکدا بوونی نیە. "د. فرانك س کاێربود" دەڵێ: بەپێی سەرژمێرییە تازەکان زۆربونی ڕێژەی تەڵاق لەکاتی ئێستادا هۆکارەکەی نەمانی لێك نزیکبونی سێکسیە (الخولي:١٩٨٨،ص٢٨٨).

***باسی چوارەم: دەرئەنجامی توێژینەوەکە***

یەکەم: پاڵنەرەکانی کارکردنی نمونەی توێژینەوەکە بە زۆرترین ڕێژە دەگەڕێتەوە بۆ دەسکەوتی ماددی.

دووەم: ژنانی فەرمانبەر زیاتر بەشدارن لەگەڵ هاوسەرەکانیاندا لە بڕیاردانی کارەکانیان لە چوارچێوەی خێزاندا ئەویش بەهۆی لێکتێگەیشتن و ڕێزگرتنی یەکترەوەیە.

سێیەم: پابەندبونی پیاوان بەبەها تەقلیدیەکانەوەو نەبونی ئامادەیی و گیانی هاوکاری بۆ یارمەتی ژنەکانیان لە جێبەجێکردنی کارو ڕێکخستنی ناماڵدا هۆکارە بۆ دروستبونی کێشەی ژیانی هاوسەری.

چوارەم: ژنانی فەرمانبەر تا ئەندازەیەکی زۆر توشی کەمتەرخەمی بووە بەرامبەر بەئەرکی پەروەردەی منداڵەکانی بەهۆی پیشەکەیەوە هەروەها ناڵەباری و نەگونجاوی باخچەی ساوایان و دایەنگاکانیش دوبارە هۆکارە بۆ ئەو کەمتەرخەمیەی لەپەروەردەی منداڵانی ژنی فەرمانبەردا دەبینرێت.

پێنجەم: ژنی فەرمانبەر تاڕادەیەکی باش توانیویەتی هاوسەنگی ڕابگرێت لە نێوان کاری پیشەیی و ژیانی هاوسەریدا هەربۆیە ئەو ململانێ و کێشانەی ڕووبەڕویان دەبێتەوە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەختی و ناڵەباری کۆمەڵگە نەوەك بۆ کەم توانایی ولێهاتویی ژن خۆی، بەڵکو بەشێوەیەك لە شێوەکان ژنانی فەرمانبەر لەو هاوسەنگ ڕاگرتنەی ژیانی هاوسەری و ژیانی کارو فەرمانبەریدا ڕازی و قایلن.

شەشەم: گرنگترین ئەو کێشانەی ڕوبەڕوی ژنی فەرمانبەر دەبێتەوە بەپێی ڕیزبەندیەکە بەڕێژەیەکی دیار کێشەی پەروەردەو پێگەیاندنی منداڵ و کێشەی نێوان هەردووهاوسەر و هەروەها کێشەی پیشەیی لە شوێنی کاردا، لێرەوە دەردەکەوێت کە ژنی فەرمانبەر تاڕادەیەکی باش لەگەڵ خودی خۆیدا کێشەی نیە و بەڵکو کێشەکانی لەگەڵ دەوروبەریدا زیاتر خوڵقاوە.

## بەشی دووەم: لایەنی مەیدانی

***باسی یەکەم: گریمانەکانی توێژینەوەکە***

گریمانەی ئەم توێژینەوەیەش لە چەند خاڵێکدا خۆی دەبینێتەوە :

یەکەم: ژنانی فەرمانبەر زیاتر بەشدارن لەگەڵ هاوسەرەکانیاندا لە بڕیاردانی کارەکانیان لە چوارچێوەی خێزاندا.

دووەم: پابەندبونی پیاوان بە بەها تەقلیدیەکانەوە هۆکارە بۆ دروستبونی کێشەکانی ژیانی هاوسەری لای ژنانی فەرمانبەر.

سێیەم: ژنانی فەرمانبەر زیاتر ڕوبەڕوی کێشەی پەروردەو پێگەیانی منداڵەکانیان دەبنەوە بەبەراورد بە کێشەکانی تر.

***باسی دووەم : میتۆدی توێژینەوەکە***

**1. میتۆدی ڕوپێوی کۆمەڵایەتی:**

ڕوپێوی کۆمەڵایەتی ئەو پرۆسە ڕێکخراوەیە کە بەکاردێت بەمەبەستی کۆکردنەوەی ڕاستی و زانیاری لەو تاکانەی کەلە ناوچەیەکی جوگرافی دیاریکراودا دەژین، ئامانج لە ڕووپێوی کۆمەڵایەتی بەدەستهێنانی ئەو داتا پێویستیانەیە کەلە ڕێگایانەوە دەتوانین ڕووبەڕووی فاکتەر و لایەنە جۆربەجۆرەکان و کێشەیەك یا خود دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی ببینەوە. لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی ڕوپێوی کۆمەڵایەتی بەکارهێنراوە بۆ زانینی ئەو کێشانەی ڕوبەڕووی ژنی فەرمانبەر دەبێتەوە لە ژیانی هاوسەریاندا.

**دووەم: ئامرازەکان کۆکردنەوەی زانیاری**

ئەو کەرەستە وئامێرانەی لەم توێژینەوەیەدا بەکارهاتوون لەناو ڕێبازی ڕوپێوی کۆمەڵاتیدا بریتین لە:

1. فۆڕمی ڕاپرسی:

بریتیە لە ئامرازی سەرەکی کۆکردنەوەی زانیاری ڕێکخراو لە توێژینەوەکەدا ، بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە فۆڕمێکی هەڵسەنگاندن دروستکرا کە پێکهاتبوو لە(١٥) پرسیار هەموو ئەو پرسیارانەی گرنگ بوو بۆ توێژینەوەکە خراونەتەروو.

**سێیەم : کەرەستە ئاماریەکان :**

لەم توێژینەوەیەدا لەگەڵ ئەوەی خستنەڕوی زانیارییەکان بەکارهاتووە، هەروەها کەرەستەی ئاماری بەکارهاتووە کە پشت بەم یاسایە بەستراوە:

ڕێژەی سەدی: بەمەبەستی بەکارهێنانی ڕێژەی سەدی بۆ سەرجەم وەڵامی پرسیارەکان ئەم کەرەستە ئامارییانە بەکارهاتووە، ك پشت بەم یاسایە بەستراوە:

| | | |
|---|---|---|
| ڕێژەی سەدی= | بەش / گشت | 100× |

**چوارەم: کۆمەڵگەی توێژینەوەکە**

کۆمەڵگەی توێژینەوە یەکێکە لە مەرجەکانی توێژینەوەی ئەکادیمی، واتە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی مەیدانی کۆمەڵگە یاخود سنورێکی دیاریکراو پێویستیەکی سەرەکییە. کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیەش بریتیە لەشاری سلێمانی واتە مەرکەزی قەزای سلێمانی ئەو ژنە فەرمانبەرانەی کەلە قوتابخانەو فەرمانگاکانی ناو سنوری شاری سلێمانی نموونەی توێژینەوەکەیان لێوەرگیراوە.

**پێنجەم: نموونەی توێژینەوەکە**

بریتییە لە پێکهاتەیەکی هەڵبژێردراو کۆمەڵگەی توێژینەوە، کە نوێنەرایەتی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە دەکات و دەتوانرێت ئەنجامەکانی بگشتێنرێت بەسەر کۆمەڵگەدا. ئەو نموونەیەی لەم توێژینەوەیەدا وەرگیراوە و فۆڕمی ڕاپرسی بەسەردا دابەشکراوە نموونەیەکی مەبەستداری هەڕەمەکییە، واتە توێژینەوەکە وایدەخواست کە نموونەکەی

مەبەستداریێت، واتە ئەو فەرمانگا و قوتابخانانە بگرێتەوە کە زۆرترین ڕێژەی ژنی فەرمانبەری تیادایە بەتایبەت ئەو ژنانەی لە ژیانی هاوسەریان دان، واتە تاك مردوو یاخود جیابووە نین. هەروەها نموونەکە هەڕەمەکیش بوو، چونکە لە نێوان دەیان فەرمانگە و قوتابخانەی جیاواز ژمارەیەکی دیاریکراو وەرگیراوە.

**شەشەم: سنوری توێژینەوەکە**

1.سنوری جوگرافی توێژینەوەکە: کە بریتیە لە سنوری توێژینەوەکە و بریتیشە لە مەرکەزی قەزای سلێمانی، واتە شاری سلێمانی.

2.سنوری مرۆیی توێژینەوەکە: ئەو کەسانە دەگرێتەوە لە کۆمەڵگەی توێژینەوەدان، کە مامۆستا و فەرمانبەر دەگرێتەوە، بەڵام بە ڕێژەی زیاتر ژنی فەرمانبەر، کەوا لە توێژینەوەکەدا ڕاپرسی و کاریان لەسەرکراوە سنورە مرۆییە وەکو نموونەی توێژینەوەکە وەرگیراوە.

3.سنوری کاتی توێژینەوەکە: کاتی خایەنراو بریتی بوو لە(2022/1/1) دەستکرا بە نوسینی توێژینەوەکە، ڕۆژی (2022/4/20) کۆتایی بە توێژینەوەکە هات.

***باسی سێیەم: شیکردنەوەی زانیاریەکان***

**خشتەی (1)**

**تەمەنی نموونەی توێژینەوەکە**

| تەمەن | دوبارەبووەکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| 27-23 | 10 | %10 |
| 32-28 | 15 | %15 |
| 37-33 | 30 | %30 |
| 42-38 | 25 | %25 |
| 47-43 | 12 | %12 |
| 48–بەرەوژوور | 8 | %8 |
| کۆی گشتی | 100 | %100 |

لەم توێژینەوەیەدا تەنها ڕەگەزی مێ وەرگیراوەو زانیاریەکان لەسەر(100) فەرمانبەری ژن کۆکراوەتەوە و دابەشکراوە بەسەر شەش توێژە تەمەندا هەروەك لە خشتەکەدا دەردەکەوێت. گروپی تەمەنی(23-27) ساڵ ڕێژەی(10%) نموونەی توێژینەوەکە پێکدەهێنێت، توێژە تەمەنی(28-32) ساڵیش بە ڕێژەیەکی دیار دەرکەوتووە کە ڕێژەی لە(15%)ە. لەکاتێکدا لە(30%) نموونەی توێژینەوەکە تەمەنیان لە نێوان(33-37) ساڵدایە کە ئەمەش زۆرینەی نموونەی توێژینەوەکە دەگرێتەوە بەمانای ئەوەی کە زۆرترین ڕێژەی ژنی فەرمانبەری خێزاندار لەو تەمەنەدان، توێژە تەمەنی(38-42) ساڵیش لە نموونەکەدا(25) کەسە کە دەکاتە(25%) توێژە تەمەنی(43-47) ساڵیش لە نموونەکەدا تەنها(12) کەسە کە دەکاتە لەسەدا دوانزەی نموونەی توێژینەوەکە و لە تەمەنی(48) ساڵیش بەرەو ژوور تەنها(8) کەس پێکدەهێنن، بەوەشدا دیارە کە زۆربەی فەرمانبەرانی ژن لە نێوان دامودەزگاکان لە نێوان تەمەنی(28-37) ساڵیدایە، چونکە بەپێی ئەو تەمەنە گونجاوە بۆ ژنی فەرمانبەر تا هاوسەرگیری بکات و خاوەن منداڵ بێت .

**خشتەی ژمارە (2)**

**ئاستی خوێندەواری نموونەی توێژینەوەکە**

| ئاستی خوێندەواری ژن | دوبارەبووەکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| سەرەتایی | 2 | %2 |
| ناوەندی | 4 | %4 |
| ئامادەیی | 25 | %25 |
| پەیمانگا | 40 | %40 |
| زانکو | 25 | %25 |
| خوێندنی باڵا | 4 | %4 |
| کۆی گشتی | 100 | %100 |

کەمترین پێکهاتەی نموونەی توێژینەوەکە ئەوانەن کە تەنها سەرەتاییان خوێندووە کە (2)کەسن و ڕێژەی(2%)ی نموونەی توێژینەوەکە دەگرێتەوە، ئەوانەی ناوەندییان تەواوکردووە بە ڕێژەی(4%) و ئەوانەی بڕوانامەی ئامادەییان هەیە ژمارەیان(25 بڕوانامەدارە، دەرچوانی پەیمانگا جیاوازەکان زۆرترین ڕێژەی نموونەی توێژینەوەکەیان پێکهێناوە کە بریتییە لە(40) دەرچووی پەیمانگا ڕێژەی(40%) ی نموونەی توێژینەوەکەیان پێکهێناوە. دەرچوانی زانکۆ(25) دەرچووی زانکۆن و ڕێژەی(25%) پێکهاتووە و ئەوانەی خوێنکاری باڵان یا هەڵگری بڕوانامەی ماستەرودکتۆرانتەنها(4) کەسن ولەڕێژەی(4%) نموونەی توێژینەوەکە پێکدەهێنێت.دەردەکەوێت کە زۆرترین نموونەی توێژینەوەکە خاوەن بڕوانامەی پەیمانگا و زانکۆن ، کە ئەمەش ژمارەیەکی دڵخۆشکەرە بەوەی بڕوانامەی زانستی ژنی فەرمانبەر لە ئاستی پەیمانگا و زانکۆدایە

**خشتەی ژمارە (3)**

**ئاستی خوێندەواری هاوسەری نمونەی توێژینەوەکە**

| ئاستی خوێندەواری هاوسەر | دووبارەبووەکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| سەرەتایی | 10 | %10 |
| ناوەندی | 10 | %10 |
| ئامادەیی | 20 | %20 |
| پەیمانگا | 25 | %25 |
| زانکۆ | 29 | %29 |
| خوێندنی باڵا | 6 | %6 |
| کۆی گشتی | 100 | %100 |

خشتەی ژمارە (3) ئاماژە بۆ ئاستی خوێندنی هاوسەری نموونەی توێژینەوەکە دەکات، ئەم پرسیارەش گرنگی خۆی هەبوو کە ئاراستەی نموونەی توێژینەوەکە کرا چونکە بەپێی زانیارییەکان دەردەکەوێت کە ئاستی خوێندنی هاوسەران لەچ پلەیەکدایە کە ئەمەش دواجار کاردانەوەی دەبێت لەسەر ئەو کێشەوگرفتانەی ڕووبەڕووی ژنی

فەرمانبەر دەبێتەوە، چونکە هەتا هاوسەران ئاستی خوێندنیان هاوشانی یەك بێت ئەوا هەلی تێگەیشتن زیاترەو بواری دروست بوونی کێشەکان و گرفتەکان کەمتر دەبێتەوە. لە ڕاستیدا ئەوەی دیارە لە کۆمەڵگەی کوردیدا ئەوەیە تا بڕوانامەی ژنان بەرزتر بێت لە هاوسەرەکانیان ئەوا بواری تێگەیشتن و ڕێزگرتن بچوکتر دەبێتەوە ئەویش بەهۆی ئەو عەقڵیەتە چەق بەستوویەی پیاوانی کۆمەڵگەیە کە بەلایەنەوە نەنگە ژنەکانیان خاوەن بڕوانامەی لە خۆیان بەرزتربێت. لە خشتەکەدا دەردەکەوێت ئاستی سەرەتایی(10%) و ناوەندی لە(10%) ئامادەییش بە ڕێژەی(20%). دەرچوانی پەیمانگاو زانکۆ ڕێژەی(25%) و لە(29%) پێکدەهێنن هەروەها ئەوانەی خوێندنی باڵا تەنها(6) کەسە و ڕێژەی(6%) دەگرێتەوە .

**خشتەی ژمارە(4)**

**داهاتی مانگانەی نموونەی توێژینەوەکە**

| داهاتی مانگانە | دووبارەبووەکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| باش | 20 | %20 |
| مامناوەند | 60 | %60 |
| خراپ | 20 | %20 |
| کۆی گشتی | 100 | %100 |

ئەم خشتەیەی سەرەوە زانیاریمان دەداتێ سەبارەت بە داهاتی مانگانەی نموونەی توێژینەوەکە کە ڕێژەی(20%) نموونەی توێژینەوەکە داهاتی مانگانەی(باشە) واتە بەشێوەیەکی ئاسایی ژیان دەگوزەرێنن، ڕێژەی(60%) نموونەی توێژینەوەکە داهاتی مانگانەی(مامناوەندە) کە زۆرترین ڕێژەی نموونەکەی پێکهێناوە، ئەمەش مانای ئەوەیە مووچەی فەرمانبەران بە ڕێژەیەکی مامناوەندەو ژیانیان بەشێوەیەکی سادە دەڕوات و وەك پێویست نیە، چونکە ئەو مووچەیەی ئەمڕۆی فەرمانبەران نەگونجاوە یاخود کەمترە بەبەراورد بەو پێویستیانەی کە هەیانەو دەبێت پڕبکرێتەوە. (20) کەس لە نموونەی توێژینەوەکە داهاتی مانگانەیان (خراپ)ە .

**خشتەی ژمارە (5)**

**جۆری نیشتەجێبونی نموونەی توێژینەوەکە**

| جۆری نیشتەجێبون | دووبارەبووەکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| موڵك | 50 | %50 |
| کرێ | 40 | %40 |
| حکومی | 10 | %10 |
| کۆی گشتی | 100 | %100 |

خشتەی ژمارە(5) ئاماژە بەجۆری نیشتەجێبونی نموونەی توێژینەوەکە دەکات کە پێکهاتووە لە (موڵك، کرێ، حکومی،هی تر). زۆرینەی نموونەی توێژینەوەکە کە دەکاتە(50%) خانوەکانیان لە جۆری موڵکە، هەرچەندە مەرج نیە بونی خانوی موڵك باشی باری ئابووری یا خود نزمی باری ئابووری دەسنیشان بکات، چونکە ڕەنگە پاشەکەوتی خێزانێك بەشی ئەوە بکات بە باشترین شێوە پێی بژین، بەڵام توانای پاشەکەوتی گەورەیان نەبێت بۆ کڕینی خانوویەك. واتە مەرج نیە جۆری نیشتەجێبوون بە تەنها پێوەرێکی ڕاستەقینە بێت بۆ زانینی باری ئابووری، بەڵام دەتوانین بڵێین لە زۆر باردا بونی خانوی موڵك و ژیان بەسەر نەبردن لە خانووی کرێدا ئەوا زۆرێك لە کێشەکانی ژیانی هاوسەری چارەسەردەکات چونکە ناڵەباری شوێنی نیشتەجێبوون و نەبونی شوێنی گونجاو هۆکارە بۆ خوڵقاندن و سازبونی کێشەکان بەشێوەیەکی گشتی و بە تایبەت لە نێوان هەردوو هاوسەردا. ڕێژەی(40%)ی نموونەی توێژینەوەکە لە خانووی کرێدا ژیان بەسەر دەبەن لە کاتێکدا تەنها(10) کەس لە جۆری حکومی ژیان بەسەردەبەن .

**خشتەی ژمارە (6)**

**جۆری ژیانی هاوسەری نموونەی توێژینەوەکە**

| چونە ناو ژیانی هاوسەری لەسەر بنەمای | دووبارەبووەکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| خزم | 15 | %15 |
| پەیوەندی خۆشەویستی | 23 | %23 |
| بە زۆر | 0 | %0 |
| بە ڕێکەوت | 62 | %62 |
| کۆی گشتی | 100 | %100 |

ئەم خشتەیە ئاماژە بە چونە ناو ژیانی هاوسەری نموونەی توێژینەوەکە لەسەر بنەمای (خزم، خۆشەویستی، بەزۆر، بەڕێکەوت) وەك دەردەکەوێت خزم بەڕێژەی(15%)ی نموونەی توێژینەوەکە لێپێکهاتووە ئەمەش ئاماژەیە بەوەی ئەنجامدانی هاوسەرگیری لەسەر بنەمای خزمایەتی ڕوو لە کەمییە و ئەویش بەهۆی ئەو ووشیاری و کرانەوەیەی عەقڵیەتی کۆمەڵگەیە کە مەرج نیە هەمیشە ژیانێکی هاوسەری سەرکەوتوو بەختەوەر خۆی لە خزمایەتیدا ببینێتەوە بەڵکو فۆرمی دیکەی تری هاوسەرگیری هەیە کە دەبێت گەنجان پیادەی بکەن, سەرەرای ئەوەی زۆربەی کات هاوسەرگیری لەسەر بنەمای خزمایەتی فۆرمی بەزۆریش بەخۆوە دەبینێ چونکە بوار نادرێت تا ئەو دوو کەسە بڕیاری خۆیان بدەن بەڵکو دەوروبەر پێش وەخت بڕیاریان بۆ دەدەن. هەرچەندە چونە ناو ژیانی هاوسەری لەسەر بنەمای خزم ڕووی لەکەمی کردووە بەڵام لەسەر بنەمای پەیوەندی خۆشەویستیش بە شێوەیەك زیادی نەکردووە بەڵکو تەنها ڕێژەی (23%) نموونەی توێژینەوەکەی پێکهێناوە، لە کاتێکدا چوونە ناو ژیانی هاوسەری لەسەر بنەمای (بەزۆر) ڕێژەی سفرە هەروەها هاوسەرێتی لەسەر بنەمای بەڕێکەوت بە ڕێژەی (63%)یە ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی تا ئەمڕۆ لە کۆمەڵگەی کوردیدا پرۆسەی ژیانی هاوسەرێتی وەك پرۆژەیەك تەماشادەکرێت و کەمینەن ئەوانەی ناسین یاخود خۆشەویستی بکەنە بەردی بناغەی پێکهێنانی ئەو ژیانە نوێیە ، هەربۆیە ئەو کێشەو گرفتانەی ژیانی هاوسەری زیاد لە پێویستی خۆی گەورە دەکرێت و بێ چارەسەر دەمێنێتەوە.

**خشتەی ژمارە (7)**

**تەمەنی ژیانی هاوسەری نموونەی توێژینەوەکە**

| تەمەنی ژیانی هاوسەری | دووبارەبووەکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| 4-1 | ١٥ | %١٥ |
| 8-5 | ٢٥ | %٢٥ |
| 12-9 | ١٧ | %١٧ |
| 16-13 | ١٢ | %١٢ |
| 20-17 | ١٤ | %١٤ |
| 21–بەرەوژوور | 17 | %17 |
| کۆی گشتی | 100 | %100 |

تەمەنی ژیانی هاوسەری نموونەی توێژینەوەکە لە خشتەی ژمارە(٧) دا خراوەتەڕوو، بەپێی زانیاری خشتەکە ئەوانەی تەمەنی ژیانی هاوسەرییان لە نێوان(1-4) ساڵە بەڕێژەی(15%)ی توێژینەوەکە پێکدەهێنێت، ئەم ڕێژەیە لە نموونەی توێژینەوەکە لەکاتی ئاماژەدان بە جۆری ئەو کێشانەی ڕووبەڕووی ژیانیان دەبێتەوە کەمترین ئاماژەیان بە (کێشەی نێوان هەردوو هاوسەر) دابوو ئەمەش ڕەنگە هۆکارەکەی ئەوە بێت کە دەسپێکی ژیانی هاوسەرێتی نموونەی توێژینەوەکە بەباشی دەستی پێکردووە. ئەوانەی تەمەنی ژیانی هاوسەرییان لە نێوان(5-8) ساڵە زۆرترین ڕێژەی نموونەی توێژینەوەکەیان پێکهێناوە کە بریتیە لە(25%). ئەم گروپەش لە جۆری کێشەکاندا زۆرترین ڕێژەیان ئاماژەیان بە کێشەی نێوان هەردوو هاوسەر و کێشەی پەروەردە و پێگەیاندنی منداڵ داوە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە منداڵ زۆرکات هۆکارە بۆ ناکۆکی و ڕێکنەکەوتنی نێوان هاوسەرەکان بەتایبەت لە بواری پەروەردە و پێگەیاندندا کەهەر یەك لە هاوسەرەکان دەیانەوێت منداڵەکانیان بەو شێوەیە ئاراستە بکەن کە خۆیان پێیان باشە. لە کاتێکدا تەمەنی ژیانی هاوسەری(9-12) ساڵ بەڕێژەی(17%) و تەمەنی ژیانی هاوسەری(13-16) ساڵیش بە ڕێژەی(12%) نموونەی توێژینەوەکە پێکدەهێنێت. ئەم گروپەش زۆرترین ڕێژەیان ئاماژەیان بە کێشەی ململانێی ڕۆڵەکاندا بوو بەبەراورد بە کێشەکانی تر ، ئەمەش مانای ئەوە نیە کە ئیتر کێشەکانی تر بونی نیە بەڵکو تا ئەندازەیەك مەودای کێشەکانی تر بچوك دەبنەوە، چونکە ئەو تەمەنە لە ژیانی هاوسەری جۆرێك لە ڕێککەوتن و تێگەیشتن دروستدەکات لە نێوان هەردوو هاوسەر کە ئەمەش کێشەی نێوان هەردوو هاوسەر کاڵ دەبێتەوە، هەروەها بە گەورەبوون و پێگەیاندنی منداڵانیش کێشەی پەروەردە و پێگەیاندنیش گۆڕانکاری بەسەردا دێت و لە پەروەردە و فێرکردنەوە دەگۆڕێت بۆ ئاراستەکردن و چاودێریکردنییان لەلایەن هەردوو هاوسەر کە لێرەدا تەنها خەمیان چاودێری و پاراستنی منداڵەکانیانە بەواتای تێپەڕبونی ژمارەی ساڵەکانی ژیانی هاوسەری پەیوەندی نێوان هەردوو هاوسەر تا ئەندازەیەکی زۆر بچوك دەبێتەوە، بەڵکو ئیتر لەو تەمەنە بەدواوە سەرقاڵی خەمەکانی نەوەکان و کەسانی دی دەبن.

**خشتەی ژمارە (8)**
**هۆکارەکانی کارکردنی ژن**

| هۆكاری كاركردنی ژن بۆ كام لەمانە دەگەڕێتەوە؟ | دووبارەبووەكان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| دەسكەوتی مادی | 50 | %50 |
| سەلماندنی خود | 27 | %27 |
| بەرزبونەوەی پێگەی كۆمەڵایەتی | 23 | %23 |
| لاساییكردنەوە | 0 | %0 |
| كۆی گشتی | 100 | %100 |

خشتەی ژمارە(8) ئاماژە بە هۆکاری کارکردنی ژن دەکات، بە بۆچونی زۆرینەی نموونەی توێژینەوەکە، کە ڕێژەی(50%) هۆکارەکەیان گەڕاندۆتەوە بۆ دەسکەوتی مادی، واتە ئەم ڕێژە زۆرە باوەڕیان وایە کە ژنان دەیانەوێت خاوەن ئابووریەکی سەربەخۆبن وە لە هەمان کاتدا بوون و توانای خۆیان وەك ژن بسەلمێنن، چونکە سەربەخۆبون لە ڕووی ئابووریەوە و ڕێخۆشکەرەو بۆ سەربەخۆبون لە ڕووی کەسێتیشەوە. هەر بۆیە لە هۆکاری (سەلماندنی خود) ڕێژەی(27%)ی نموونەی توێژینەوەکە پێکدەهێنێت، هەروەها هۆکاری کارکردنی ژنان بۆ بەرزبونەوەی پێگەی کۆمەڵایەتی بەڕێژەی(23%)ی نموونەی توێژینەوەکەی پێکهێناوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ژنان مەرج نییە بۆ دەستکەوتی ئابووری و سەلماندنی خود کاربکەن، بەڵکو هەندێ کات بۆ بەرزکردنەوەی پێگەی کۆمەڵایەتی خۆیان هەوڵدەدەن چونکە پێیان وایە کارکردن هۆکارێکە بۆ بەرزنرخاندن و ڕێزگرتنیان لە کۆمەڵگەدا.هۆکاری (لاسایی کردنەوە) ڕێژەی لە سەدا سفری هێناوە واتە هیچ کەسێك لە نموونەی توێژینەوەکە هۆکاری کارکردنی ژن ناگەڕێتەوە بۆ (لاسای کرنەوە) ئەمەش ئاستی ووشیاری و تێگەیشتنی ژنی فەرمانبەر دەردەخات کە لە ئاستێکی بەرزدایە و لە پێناو لاسای کردنەوە کارناکەن.

**خشتەی ژمارە (9)**
**بەشداریکردنی ژنی فەرمانبەر لە بڕیارداندا**

| ئایا ژنی فەرمانبەر بەشداری بڕیاردان دەكات لە خێزاندا؟ | دووبارەبووەكان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | 80 | %80 |
| تاڕادەیەك | 10 | %10 |
| نەخێر | 10 | %10 |
| كۆی گشتی | 100 | %100 |

زۆرینەی نموونەی توێژینەوەکە کە ڕێژەی(80%) نموونەی توێژینەوەکەی لێپێکهاتووە پێیان وایە ژنی فەرمانبەر بەشداری بڕیاردان دەکات لە چوارچێوەی خێزاندا، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەو خێزانانەی ژنی فەرمانبەری تێدایە تاڕادەیەك دۆخێکی دیمۆکراسی تێدا دەگوزەرێنێت و بڕیاردان لە بەرژەوەندی گشت ئەندامانی خێزان دەردەکرێت نەك تەنها ئەو بڕیارانە لەلایەن تەنها ئەندامێکی خێزانەوە دەربچێت و ئەوانی تر گوێڕایەڵی بن ئەوانەی کە وەڵامیان بە تاڕادەیەك داوەتەوە بە ڕێژەی(10%)ی نموونەی توێژینەوەکە پێکدەهێنێت بەواتای ئەوەی مەرج نییە هەرکات ژن فەرمانبەر بێت توانای بەشداری بوونی بڕیاردانی هەبێت لە چوارچێوەی خێزاندا، تەنها ڕێژەی(10%) لە نموونەی توێژینەوەکە وای دەبینن کە ژنی فەرمانبەر بەشداری ناکات لە بڕیاردان لە چوارچێوەی خێزاندا.

**پاشکۆی خشتەی ژمارە (9-1)**
**هۆکاری بەشداری ژنی فەرمانبەر لە بڕیاردان**

| هۆكارەكان | دووبارەبووەكان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەهۆی بونی ئابووری سەربەخۆ | 8 | %8 |
| بەهۆی ووشیاری و تێگەیشتنی زیاتر | 18 | %18 |
| بەهۆی لێك تێگەیشتن و ڕێزگرتنی یەكتر | 51 | %51 |
| هۆكاری تر | 0 | %0 |
| كۆی گشتی | 77 | %77 |

پاشکۆی پرسیاری(9) لەم خشتەیەدا کە پرسیاری پێشترەو ووردکراوەتەوە تا بزانرێت ئەو هۆکارانە چین کە وایکردووە ژنی فەرمانبەر بەشدار بێت لە بڕیاردان لە چوارچێوەی خێزاندا ڕێژەی(8%)ی نموونەی توێژینەوەکە پێیان وابووە بەهۆی ئەوەی ژنان خاوەن ئابووری سەربەخۆیە لە بەرامبەردا ڕێژەی(18%)ی نموونەکە پێیان وایە کە بەهۆی ووشیاری و تێگەیشتنی زیاتری ژنی فەرمانبەرە کەوایکردووە بەشداربێت لە بڕیاردان لە چوارچێوەی خێزاندا بەشێکی زۆری نموونەی توێژینەوەکە بە ڕێژەی(51%)ی لێپێکهاتبوو هۆکارەکەیان دەستنیشان کردبوو بەهۆی لێك تێگەیشتن و ڕێزگرتنی یەکتر، بەواتای ئەو خێزانانەی ژنەکانیان فەرمانبەرە(دایك فەرمانبەرە) زیاتر ئەندامانی خێزان تیایدا لە یەکتر تێدەگەن و ڕێز لەیەکتردەگرن هەرئەمەشە وایکردووە زیاتر بەشداربێت لە بڕیاردان لەگەڵ ئەندامانی تری خێزاندا. هۆکاری ئەمانەش بگەڕێتەوە بۆ ئەو دۆخە دیمۆکراسیەی لەو خێزانانەدا دەگوزەرێت و نەمانی دۆخی دەسەڵاتی باوك سالاری(پیاوسالاری) بەڵکو بڕیاردان لە بەرژەوەندی گشت ئەندامانی خێزان و بە وەرگرتنی ڕای هەمووان و ڕێزگرتنیان. هۆکارەکەشی دەکرێت بەهۆی ئەوەوە بێت کە ژنیش وەك پیاو خاوەن موچەیە و وشیارە و دەتوانێت وبە مافی خۆی دەزانێت بڕیار بدات.

**خشتەی ژمارە (10)**

**هاوڕابونی ژنی فەرمانبەر لەگەڵ هاوسەر لە بڕیاردان**

| تا چەند ژنی فەرمانبەر لەگەڵ هاوسەرییان هاوڕان لە بڕیارەکانی ژیانی خێزانیان ؟ | دووبارەبووەکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| زۆر | 34 | %34 |
| تاڕادەیەك | 60 | %60 |
| کەم | 6 | %6 |
| کۆی گشتی | 100 | %100 |

خشتەی ژمارە(10) ئاماژەیە بەوەی کە تا چەند ژنی فەرمانبەر هاوڕایە لەگەڵ هاوسەرەکانیان لەسەر بڕیارەکانی ژیانی خێزانیان ، ڕێژەی(34%)ی نموونەی توێژینەوەکە وەڵامیان بە(زۆر) داوەتەوە واتە لە نیوە کەمتر لەگەڵ هاوسەرەکانیان هاوڕان لەسەر ئەو بڕیارانەی کە لە ژیانی خێزانیاندا دەردەچێت، لەبەرامبەردا بە ڕێژەی(60%)ی بە (تاڕادەیەك) وەڵامیان داوەتەوە واتە مەرج نییە هەرکات ژنی فەرمانبەر بەشدار بوو لە بڕیاردان لە چوارچێوەی خێزان ئیتر مانای هاوڕایی و تەبایی بگەیەنێت بەڵکو بە پێی وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە دەدەکەوێت کە هەندێ جاریش هاوسەرەکان هاوڕانین لە بڕیارەکانیان کە ئەمەش بۆ خۆی شتێکی ئاسایە ئەویش بەهۆی ئەو جیاوازییەی لەنێوان بیرو بۆچونی تاکەکاندا هەیە زەحمەتە هەمیشە تاکەکان هاوڕابن لەسەر بابەتێك یاخود شتێك .ئەوانەی وەڵامیان بە(کەم) داوەتەوە واتە بەڕێژەی(6%) پێیان وایە ژنی فەرمانبەر کەم هاوڕایە لەگەڵ هاوسەرەکانیان لە بڕیاردان لە چوارچێوەی خێزاندا.

**خشتەی ژمارە (11)**

**ڕۆڵی دایەنگە و باخچەی ساوایان لە پەروەردەی منداڵ**

| تا چەند دایەنگە و باخچەی ساوایان ئەرکی خێزان دەبینن لە پەروەردەی منداڵ؟ | دووبارەبووەکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| زۆر | 12 | %12 |
| تاڕادەیەك | 55 | %55 |
| کەم | 33 | %33 |
| کۆی گشتی | 100 | %100 |

سەبارەت بە دایانگە و باخچەی ساوایان تا چەند ئەرکی خێزان دەبینن لە پەروەردەی منداڵدا ڕێژەی(12%)ی نموونەی توێژینەوەکە پێیان وایە دایەنگاو باخچەی ساوایان زۆر ئەرکی خێزان دەبینن لە پەروەردەی منداڵدا، لە کاتێکدا زۆرینەی نموونەی توێژینەوەکە کە ڕێژەی(55%) پێکدەهێنێت پێیان وایە دایەنگا و باخچەی ساوایان تا ڕادەیەك ئەرکی خێزان دەبینن لە پەروەردەی منداڵدا، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە دایەنگا و باخچەی ساوایانی کۆمەڵگەی ئێمە هەتا ئێستاش لەو ئاستەدا نییە کە بتوانێت پێداویستیەکانی منداڵ پڕبکاتەوە و جێگەی دامەزراوەی خێزان بگرێتەوە، ئەگەرچی دایکان و باوکان لە ئێستادا منداڵەکانیان زیاتر ڕاسپاردەی دایەنگا و باخچەکان دەکەن، ئەویش بەهۆی کەمبونەوەی خێزانی گەورە و نەبونی کەسێکی نزیك کە چاودێری منداڵەکانیان بۆ بکات، واتە باری ناچاری و پێویستی وایکردووە کە منداڵان زیاتر لەو دامەزراوانەدا بمێننەوە، نەك لەبەر باش و بە چالاکی دامەزراوەکان خۆیان(دایەنگە و باخچەکان). هەر بە هۆی ئەو کەموکوڕی و کەمتەرخەمیانەی لەدایەنگا و باخچەکاندا هەیە بە ڕێژەی(33%)ی نموونەی توێژینەوەکە پێیان وایە کە ئەو دامەزراوانە(کەم) توانیویانە ڕۆڵی خێزان ببینن.

**خشتەی ژمارە (12)**

**هاوکاریکردنی پیاوان لە کاروباری ماڵدا**

| تا چەند پیاوان ئامادەن بۆ هاوکاری ژنەکانیان لە جێبەجێکردنی کاری ناو ماڵ؟ | دووبارەبووەکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| زۆر | 15 | %15 |
| تاڕادەیەك | 52 | %52 |
| کەم | 33 | %33 |
| کۆی گشتی | 100 | %100 |

سەبارەت بە ئامادەیی پیاوان بۆ هاوکاری کردنی ژنەکانیان لە جێبەجێکردنی کارو ڕێکخستنی ناو ماڵدا، ڕێژەی(15%)ی نموونەی توێژینەوەکە وەڵامیان بە (زۆر) داوەتەوە، ڕێژەی هەرە زۆر کە ڕێژەی(52%)وەڵامیان بە (تاڕادەیەك) داوەتەوە، بە مانای ئەوەی پیاوان تا ڕادەیەك ئامادەن بۆ هاوکاریکردنی ژنەکانیان جێبەجێکردنی کارو ڕێکخستنی ناو ماڵدا، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کەتا ئەم ساتەش پیاوانی

کۆمەڵگەی کوردی ئامادەیی بۆ هاوکاری و یارمەتی ژنەکانیان تا ئەندازەیەك سنوردارەو وەك پێویست نیە ئەویش بەهۆی ئەو عەقڵیەتەی پیاوی کوردی هەیەتی یا خود هەندێ جار ژنانیش خۆیان هۆکارن بۆ ئەو نەبونی گیانی هاوکاری و یارمەتیە ئەویش بەوەی پێیان باش نیە پیاوان دەست لە ئیشیان وەربدەن بەڵکو پێیانوایە خۆیان لەوان باشتری بەئەنجام دەگەیەن، هەر بۆیە ڕێژەی(33%)ی نموونەی توێژینەوەکەش ئاماژەیان داوە بەوەی کە پیاوەکانیان (کەم) ئامادەن بۆ هاوکاری ژنەکانیان لە جێبەجێکردنی کاری ناو ماڵیاندا.

**خشتەی ژمارە(13)**

**ڕۆڵی بەها تەقلیدیەکان لە دروستبونی کێشەی هاوسەری**

| کێشەکانی ڕوبەڕوی ژنی فەمانبەر دەبێتەوە لە ژیانی هاوسەریدا؟ | ژمارەی دوبارەبونەوەی پلەیەک | | ژمارەی دوبارەبونەوەی پلە دوو | | ژمارەی دوبارەبونەوەی پلە سێ | | ژمارەی دوبارەبونەوەی پلە چوار | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە (1) | ڕێژەی سەدی | ژمارە (2) | ڕێژەی سەدی | ژمارە (3) | ڕێژەی سەدی | ژمارە (4) | ڕێژەی سەدی |
| کێشەی نێوان هەردوو هاوسەر | 20 | 20٪ | 38 | 38٪ | 16 | 16٪ | 26 | 26٪ |
| کێشەی پەروەردە و پێگەیاندنی منداڵ | 56 | 56٪ | 23 | 23٪ | 16 | 16٪ | 5 | 5٪ |
| کێشەی ململانێی ڕۆڵەکان | 16 | 16٪ | 28 | 28٪ | 30 | 30٪ | 26 | 26٪ |
| کێشەی پیشەیی لە شوێنی کاردا | 8 | 8٪ | 11 | 11٪ | 38 | 38٪ | 43 | 43٪ |
| کۆی گشتی | 100 | 100٪ | 100 | 100٪ | 100 | 100٪ | 100 | 100٪ |

ئەم خشتەیە دەریدەخات کە ڕێژەی(45%)ی نموونەی توێژینەوەکە وەڵامیان بە (بەڵێ)یە پێیان وایە پابەندی پیاوان بەبەها تەقلیدیەکانەوە هۆکارە بۆ دروستبونی کێشەکانی ژیانی هاوسەری لە کاتێکدا(44%)ی نموونەکە پێیان وایە پابەندبونی پیاوان بەبەها تەقلیدیەکانەوە تاڕادەیەك هۆکارە بۆ دروستبونی کێشەکانی ژیانی هاوسەری، لە کاتێکدا ڕێژەی(11%)ی نموونەکە پێیان وانیە پیاوان بەبەهاکانەوە هۆکار نیە بۆ دروستبونی کێشەی ژیانی هاوسەری.

**خشتەی ژمارە (14)**

**هۆکارەکانی دروستبونی ململانێی ڕۆڵی ژن**

| کام لەم هۆکارانە بوٚتە هۆی دروستبونی ململانێی ڕۆڵی ژن؟ | دووبارەبووەکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| نەبونی گیانی هاوکاری لەلایەن مێردەکانیان | 21 | 21٪ |
| کەم توانایی لێهاتووی ژن | 11 | 11٪ |
| پابەندبوون بە نەریتی ژیانی کۆمەڵایەتییەوە | 48 | 48٪ |
| لاوازی ئاستی دامەزراوەکان لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری | 20 | 20٪ |
| کۆی گشتی | 100 | 100٪ |

لەم خشتەیەدا ئەو هۆکارانە دەردەخات کە بۆتە هۆی دروستبونی ململانێ ڕۆڵی ژن، ڕێژەی(21%) هۆکارەکەی دەخەنە پاڵ نەبونی گیانی هاوکاری لەلایەن مێردەکانیان، لە کاتێکدا تەنها ڕێژەی(11%) هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کەم توانای و لێهاتوی ژن خۆی ئەمەش بەمانای ئەوەی ژنان لە کارەکانی خۆیان ڕازین و پێیان وانیە کە کەم توانابن و لێهاتو نەبن هەتا توشی ململانێی ڕۆڵەکان بن، زۆرترین ڕێژەکە(48%)ی پێکهێنابوو واتە بەڕای زۆرینەی نموونەی توێژینەوەکە پێیان وایە کە سەختی و نا لەباری ژیانی کۆمەڵگا هۆکارە بۆ دروستبونی ئەو ململانێی ڕۆلانەی ژن، ئەمەش دەرئەنجامی ئەو نا سەقامیگیری کە کۆمەڵگەی کوردی پیایدا تێپەڕیوە تا کەمترین ئاستی خزمەتی توێژی ژنان کردووە، ڕێژەی(20%)ی نموونەی توێژینەوەکە ئاماژەیان داوە بە لاوازی ئاستی دامەزراوەکان لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری هەر بۆیە ژنان توشی ململانێی ڕۆڵەکان بووە.

**خشتەی ژمارە (15)**

**کێشەکانی ڕووبەڕوی ژنی فەرمانبەر دەبێتەوە**

| پابەندی هاوسەرەکەت بەبەها تەقلیدیەکانەوە هۆکارە بۆکێشەکان؟ | دووبارەبووەکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | 48 | 45٪ |
| تاڕادەیەك | 41 | 44٪ |
| نەخێر | 11 | 11٪ |
| کۆی گشتی | 100 | 100٪ |

سەبارەت بە گرنگترین ئەو کێشانەی ڕووبەڕوی ژنی فەرمانبەر دەبێتەوە زۆرینەی نموونەی توێژینەوەکە کە دەکاتە ڕێژەی(56%)ی نموونەی توێژینەوەکە بەپلەی یەك ئاماژەیان بەکێشەی پەروەردەو پێگەیاندنی منداڵ داوە، لە کاتێکدا ڕێژەی(38%)ی نمونەی توێژینەوەکە بەپلەی دوو ئاماژەیان بە کێشەی نێوان هەردوو هاوسەداوە،

لەبەرامبەردا کێشەی پیشەیی لەشوێنی کاردا بە پلەی سێ بەرێژەی(38%)ی پێکهاتووە، لە کاتێدا ئەم کێشەیە لە ریزبەندیەکەدا دووبارە بەپلەی چوار ئاماژەی پێدراوە لەلای زۆرینەی نموونەی توێژینەوەکە بەرێژەی(43%). ئەوەی جێگەی تێبینیە کێشەی ململانێی رۆڵەکان بە هیچ کام لە پلەکان نەچۆتە ریزبەندیکێشەکانەوە، ئەمەش مانای وایە کەژنی فەرمانبەر کێشەی لەگەڵ خودی خوێدا نییە لە چوارچێوەی بەراوردکاری بە کێشەکانی تر، بەڵکو کێشەکانی زیاتر لەگەڵ دەوروبەری خۆیدا دەردەکەوێت. بەواتایەکی دی دەکرێت ئاماژە بێت بۆ ئەوەی ژنی فەرمانبەر بەشێوازێك لەتوانایدا هەیە کە بتوانێت ئەو فرەرۆڵییە ببینێت کە پێویستە لەسەری بەڵام مەرجیش نییە هەمووکات ئاماژە بێت بۆ سەرکەوتنی لە گشت رۆڵەکاندا. مەرج نییە ژنی فەرمانبەر توشی ململانێی رۆڵ نەبێت بەڵام ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە کە ژنی فەرمانبەر ئەوسێ کێشەیەی تری لەلا زەحمەتترو سەختترە لەسەرشانی هەربۆیە زیاتر ئاماژە بەوان دراوە.

### باسی چوارەم: راڤەکردنی گریمانەکان

1.راڤەی گریمانەکان: لەم توێژینەوەدا چەند گریمانەیەك دانراون، پاش کارکردن لە سنوری گریمانەکاندا و کۆکردنەوەی زانیاریەکان راڤەی گریمانە و شیکردنەوەیان بەم جۆرەبوون:

گریمانەی یەکەم: "ژنانی فەرمانبەر زیاتر بەشدارن لەگەڵ هاوسەرەکانیاندا لە بڕیاردانی کارەکانیان لە چوارچێوەی خێزاندا".

لە ئەنجامی توێژینەوەکەوە بەرادەیەکی زۆر ئەو گریمانەیە پشت راستکرایەوە کە ژنانی فەرمانبەر بەشدارن لەگەڵ هاوسەرەکانیان لە بڕیاردانی کارەکانیان لە چوارچێوەی خێزاندا، ئەوەی ئەمە پشت راستدەکاتەوە شیکاری چەند خشتەیەکی فۆرمی راپرسیەکەیە، لە خشتەی ژمارە(9)دا رێژەی (80%) ی نمونەی توێژینەوەکە وەڵامیان بە بەڵێ داوەتەوە و پێیانوایە کە ژنانی فەرمانبەر بەشدارن لە بڕیارداندا لە چوارچێوەی خێزاندا.

لە پاشکۆی خشتەی ژمارە(9)دا نموونەی توێژینەوەکە ئاماژەیان بە هۆکاری ئەو بەشداریکردنەی ژنی فەرمانبەر داوە بۆ بڕیاردان بە رێژەی(60%)ی نموونەی توێژینەوەکە هۆکارەکەی دەگەڕێننەوە بۆ لێك تێگەیشتن و رێزگرتنی یەکتر، سەرباری بەشداری ژنی فەرمانبەر لە بڕیارداندا ئەوا لە خشتەی ژمارە(10)دا ئاماژە بەهاوڕابونی ژنی فەرمانبەر لەگەڵ هاوسەرەکانیان لە بڕیارداندا دەدات، بەرێژەی(60%)ی نموونەی توێژینەوەکە پێیان وایە تارادەیەك هاوڕان, بەواتەی مەرج نیە هەمووکات هاوسەرەکان لە بریارەکانیاندا هاوڕابن، هەرچەندە(34%) پێیان وایە زۆر هاوڕان. ئەوەی لێرەدا گرنگە بەشداربونی ژنی فەرمانبەرە لەگەڵ هاوسەرەکانیان لە بڕیاردان لە چوارچێوەی خێزاندا.

کەواتە گریمانەکە سەلمێنراوە: ژنانی فەرمانبەر زیاتر بەشدارن لەگەڵ هاوسەرەکانیاندا لە بڕیاردانی کارەکانیان لە چوارچێوەی خێزاندا.

گریمانەی دووەم:

پابەندبونی پیاوان بەبەها تەقلیدیەکان هۆکارە بۆ دروستبونی کێشەکانی ژیانی هاوسەری ژنانی فەرمانبەر. بەگەڕانەوە بۆخشتەکانی ژمارە(13)و (14) ئەو گریمانەیە دەسەلمێنرێت، لە خشتەی ژمارە(13) بەرێژەی(48%)ی نموونەی توێژینەوەکە پێیانوایە پابەندبونی پیاوان بەبەها تەقلیدییەکانەوە هۆکارە بۆ دروستبونی کێشەو ململانێ لە ژیانی هاوسەریدا، لەبەرامبەردا رێژەی(41%) ی نموونەی توێژینەوەکە تارادەیەك دڵنیان لەوەی کە ئەو پابەندبونەی پیاوان بەبەهاکانەوە هۆکارە بۆ کێشە لە ژیانی هاوسەری ژنی فەرمانبەردا. هەروەها لە خشتەی (14)دا ئاماژە بەو هۆکارانەکراوە کە بۆتەهۆی ململانێی رۆڵەکان لای ژنانی فەرمانبەر کە بەرێژەیەکی زۆر هۆکارەکەی پابەندبوون بە نەریتی ژیانی کۆمەڵایەتییەوە گەراندۆتەوە ئەمەش مانای وایە کە تائێستاش کۆمەڵگەی کوردی نەریتیە و پابەندە بە داب و نەریت و کلتورەوە ئەمەش بارگرانییەکی زۆری بۆژنانی فەرمانبەر دروستکردووە.

گریمانەکە سەلمێنراوە: پابەندبونی پیاوان بەبەها تەقلیدیەکان هۆکارە بۆ دروستبونی کێشەکانی ژیانی هاوسەری ژنانی فەرمانبەر.

گریمانەی سێیەم:

ژنانی فەرمانبەر زیاتر رووبەڕوی کێشەی پەروەردە و پێگەیاندنی منداڵەکانیان دەبنەوە بەبەراورد بە کێشەکانی تر..بە گەڕانەوە بۆ خشتەی ژمارە(15)کە بەشێوەی پلەبەندی کێشەکان خراونەتەروو، تایبەتە بەگرنگترین ئەو کێشانەی کە رووبەڕوی ژنی فەرمانبەر دەبنەوە لە ژیانی هاوسەریدا بە پلەی یەك کێشەی پەروەردە و پێگەیاندنی منداڵ (56%) ئاماژەی پێدراوە، ئەمەش مانای وایە کە کێشەی پەروەردەو پێگەیاندنی منداڵ لەژیانی هاوسەری ژنی فەرمانبەر گرنگترین ئەو کێشانەیە کەڕوبەڕوی دەبێتەوە بەبەراورد بەژنانی تر. دواتر کێشەی نێوان هەردوو هاوسەر بەرێژەی(38%) پێکهاتووە، لە کاتێکدا کێشەی پیشەیی بە پلەی سێ بەرێژەی(38%) وبەپلەی چواریش بەرێژەی (43%) ئاماژەی پێدراوە. سەرباری ئەو کێشانەی لەچوارچێوەی ریزبەندیەکە ئاماژەی پێدراوە.

کەواتە بەپێی ریزبەندی کێشەکان گریمانەکە دەسەلمێنرێت ژنانی فەرمانبەر زیاتر روبەڕوی کێشە خێزانیەکان دەبنەوە بەتایبەت کێشەی پەروەردەو پێگەیاندنی منداڵەکانیان.

## دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە

یەکەم: پاڵنەرەکانی کارکردنی نمونەی توێژینەوەکە دەگەڕێتەوە بۆ دەسکەوتی ماددی.

دووەم: ژنانی فەرمانبەر زیاتر بەشدارن لەگەڵ هاوسەرەکانیاندا لە بڕیاردانی کارەکانیان لە چوارچێوەی خێزاندا ئەویش بەهۆی لێکتێگەیشتن و رێزگرتنی یەکترەوەیە.

سێیەم: پابەندبونی پیاوان بەبەها تەقلیدیەکانەوەو نەبونی ئامادەیی و گیانی هاوکاری بۆ یارمەتی ژنەکانیان لە جێبەجێکردنی کارو رێکخستنی ناماڵدا هۆکارە بۆ دروستبونی کێشەی ژیانی هاوسەری.

چوارەم: ژنی فەرمانبەر تارادەیەکی باش توانیویەتی هاوسەنگی رابگرێت لە نێوان کاری پیشەیی و ژیانی هاوسەریدا هەربۆیە ئەو ململانێ و کێشانەی رووبەڕویان دەبێتەوە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەختی و نالەباری کۆمەڵگە نەوەك بۆ کەم توانایی ولێنەهاتویی ژن خۆی، بەڵکو بەشێوەیەك لە شێوەکان ژنانی فەرمانبەر لەو هاوسەنگ راگرتنەی ژیانی هاوسەری و ژیانی کارو فەرمانبەریدا رازی و قایلن.

پێنجەم: گرنگترین ئەو کێشانەی روبەڕوی ژنی فەرمانبەر دەبێتەوە بەپێی ریزبەندیەکە بەرێژەیەکی دیار کێشەی پەروەردەو پێگەیاندنی منداڵ و کێشەی نێوان هەردووهاوسەر و هەروەها کێشەی پیشەیی لە شوێنی کاردا، لێرەوە دەردەکەوێت کە ژنی فەرمانبەر تارادەیەکی باش لەگەڵ خودی خوێدا کێشەی نیە و بەڵکو کێشەکانی لەگەڵ دەوروبەریدا زیاتر خوڵقاوە.

## پشنیارو ڕاسپاردە

یەکەم: ئەم بابەتە بابەتێکی زۆر فرە ڕەهەندە و پێکداچوو گرنگە، هەربۆیە پشنیار دەکەم: توێژەرانی دیکە لەم بوارەدا کاربکەن و توێژینەوەی دیکە لەلایەنە جیاوازەکانی تری ئەم بابەتەدا بکەن.

دووەم: پشنیار دەکەم کە دایکان و باوکان لەڕێی پەروەردەو پرۆسەی پەروەردەکرنی منداڵەکانیانەوە فێربکرێن لەسەر بنەمای هاریکاری ویارمەتی ژن و بارسوکردنی سەرشانی لەکاری ماڵداریدا بەبێ جیاوازی ڕەگەزی لەنێوان منداڵەکانیاندا، پێویستە بە خوێندنی (ڕۆشنبیری خێزانی) لە قوتابخانەکاندا بۆ پەروەردەو پێگەیاندنی منداڵ پیگەیاندنێکی دیموکراتی کە بناسرێتەوە بە ڕێزدارکردنی ژن.

سێیەم: کردنەوەی خولی ووشیاری بۆ پیاوان و ڕێنمایکردنیان بۆ هاوکاری و ڕێزگرتنی ژنان بەهەند وەرگرتنی ئەو کارانەی دەیکەن بۆ ئەمەش پێویستە لەسەر حکومەت و هۆکارەکانی ڕاگەیاندن و میدیاکان کە هەستن بەم ئەرکە.

چوارەم: پێویستە لە یاساورێساکانی کارکردندا ئەوپەڕی(موراعاتی) ژن بکرێت و کارئاسانی بۆ بکرێت بەتایبەت ئەو ژنانەی خاوەن منداڵن ئەرکی سەرشانیان بەکاری زۆر قورس نەکرێت.

پێنجەم: پێشنیاردەکەم بە کردنەوەی خولی ووشیاری و ڕاهێنانی دەرونی و چەندین خولی تری جیاواز بۆ ژنان لە چارەسەرکردنی کێشەکانی ژیانی هاوسەریاندا،هەر بۆیە پێویستە لەسەر ڕێکخراو گروپەکانی ژنان و کۆمەڵگەی مەدەنی هاوکارین بۆ ئەم پرۆژانە.

شەشەم: کردنەوەی شوێنی چاودیری باشتر و سەردەمیانە تر لەشێوەی باخچە ودایەنگاکاندا هەتا ئەو کێشانەی ژنی فەرمانبەر پێوەی دەناڵێنن بەهۆی پەروەردەی منداڵەوە کەمتر بێتەوە بۆ ئەمەش پێویستە حکومەت هەستێت بەئەنجامدانی ئەم ئەرکانە.

## سەرچاوەکان


**یەکەم: کوردیەکان**

معن خلیل، (2007) کۆمەڵناسی خێزان، و:ئارام أمین جلال، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک،

ملیحە عونی القصیر، (2002)، صبیح عبدالمنعم احمد: سۆسۆلوژیای خێزان ، و. سابیر بەکر بۆکانی، چاپخانەی داناز، سلێمانی.

عمر علی غفور، (1997)، مافی ژن لە نێوان ڕەگەز سالاری و مرۆڤ سالاریدا، چاپی یەکەم ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر.

محمد تەها حسێن، (٢٠٠٦)، هۆکارەکانی راکردنی مێردمنداڵ لەخێزانەوە بۆ سەرجادە، خانەی چاپ بلاوکردنەوە چوارچرا، سلێمانی.

**دووەم: عەرەبیەکان**

احسان محمد الحسن، (١٩٨٨)، المدخل الی علم الاجتماع، دار الطلیعە ، بیروت.

سناء الخولی: الزواج والاسرە فی العالم متغیر،دارالمعریفە الجامعیە،الاسکندریە بدون التاریخ

.سلوی عبالحمید الخکیب، (2007)، نظرە فی علم الاجتاع الاسری، مطبعە دار الفجر، القاهرە.

سامیە مصطفی الخشاب، (2003)، النظریە الاجتماعیە،القاهرە.

کامیلیا عبدالفتاح، (1972)، سایکولوجی المرأە العاملە، الطبعە الاولی، القاهرە.

ملیحە عونی القصیر و معن خلیل عمر،٠ (1981)، المدخل الی علم الاجتماع، مطبعە جامعە بغداد، بغداد.

محمد سلاقە محمد غباری،(1991 )، کلیە الخدمە الاجتماعیە الاسکندریە، مصر.

صالح الصقور، (2009)، موسوعە الخدمە الاجتماعیە المعاصرە، دار الزهراء، عمان.

قیس النوری، (1982)، المدخل الی علم الانسان، بغداد.

مونیك بیتر، (1979)، المرأە عبر التأریخ، ترجمە هنرید عبودی، الطبعە الاولی، دار الطلیعە ، بیروت.

**سیە م : نامەی ماستەرەکان:**

١٥ ئاسو ابراهیم عبدالله، المشكلات الاجتماعية والحضارية للمراة العاملة في منطقة حكم الذاتي، رسالة ماجستيرغير منشور، بغداد، 1982